# له هۆڵەندا کوردێکی خەڵکی کەرکووك خۆی بۆ ئەنجومەنی هەرێمایەتی دەپاڵێوێت



## ژمارە 9 لە لیستی پارتی سۆسیالست لە ئۆترێخت

عەلی مەحموود محەمەد

یونس لوتف والله ناسراو به یونس گۆران , له ساڵی 1969 له شاری کەرکووك , گەڕەکی ڕەحیماوه , نزیك به ئاگرەکەی باوەگوڕ گوڕ چاوی به دنیا هەڵهێناوه .

دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری بەشی میکانیکه له زانکۆی موسڵ و کۆلێژی ئەندازیاری بەشی کۆمپوتەر له زانکۆی ئەمستردام , ئێستاش له قۆناغی کۆتایی ماجستێره له زانکۆی ئەمستردام .

پارتی سۆسیالست کاندیدیان کردووه بۆ ئەنجومەنی هەرێمایەتی , له هەرێمی ناوەڕاست ( ئۆترێخت ) , ژماره 9 یه له لیستەکه , پێشتر پارتی سۆسیالست 6 نوێنەری هەبوو , وەلێ پێشبینی دەکرێت ئەمجاره لانی کەم لەم هەرێمه 10 نوێنەر به دەست بهێنێت , بۆیه کەمترین هیمەت بکەین شوێنێك بۆ ئەم پاڵێوراوەمان مسۆگەر دەکەین .

کاك یونس له ناو پارتی سۆسیالست کاری زانیاری بەخشینه به پەرلەمانتاران و بەرپرسانی پارتی سۆسیالست لەسەر دۆسیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست , پەنابەران , کێشەی کولتووری پەنابەران , ئیسلام .... .

ئەگەر بۆ ئەم پۆسته دەربچێت , کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پیرانی هۆڵەندی , هەروەها دەتوانێت پێداویستی کوردەکانی هۆڵەندا بگەیەنێته جێ , سەرباری کارکردن بۆ کێشەی کورد له دەرەوەی هۆڵەندا , ئەوه به مسۆگەری شار و گەڕەکەکەی خۆی و ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی له بیر ناکات , هەر ئەمەش پاڵی پێوه ناوەو وایکردووه بچێته ناو پارتی سۆسیالستەوه .

کاك یونس گۆران هاوکاری ناوەندی چاکی کرد لە هۆڵەندا,  بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری پارتی پارتی سۆسیالست " لە ڕێگەی هاری ڤان بۆملەوە "  بۆ پشتگیریکردینی لە ناسینی ئەنفال بە ژینۆساید و پشتگیری ئەو پارتە لە پرۆسەی ئاشتی لە کوردستانی باکوور .

لە دوولاوە قازانجمانە دەنگ بە کاك یونس بدەین , لە لایەکەوە دەنگدان بە کاك یونس دەنگدانە بە پارتی سۆسیالست کە نزیکترین لایەنی سیاسییە لە خەونەکانی گەلی کورد و کەمدەرامەتانەوە  نزیکە , لە لایەکی دیکەوە ئەم پاڵێوراوەمان  نزیك دەکاتەوە لە پێگەی  بڕیاردان , ئەوکات باشتر دەتوانێت خزمەتمان بکات .

**http://provincieutrecht.sp.nl/verkiezingen/2007/kandidaten/younis.stm#inhoud**